# ڕێگایەکی نوێی چارەسەری ریخۆڵەکوێرە

لە کۆنگرەی ئەم ساڵی نەشتەرگەرەکانی سویدیدا رۆژی 25 ی ئەم مانگە توێژینەوەیەکی نوێ لەمەڕ چارەسەرکردنی ریخۆڵە کوێرە بە ئەنتیبایۆتیك پێشکەش دەکرێت .

ئەنجامی توێژینەوەکانی کۆمەڵێك پزیشکی شارەکانی ڤێستەرۆس و ستۆکهۆڵم بەم شێوەیە یە:

– ئەو پزیشکانە توانیویانە لەبری ئەوەی نەشتەرگەری ریخۆڵەکوێرە بۆ نەخۆش بکرێت بە ئەنتیبایۆتیك ژمارەیەکی زۆر نەخۆشییان چاك کردۆتەوە .

– توێژینەوە 128 نەخۆشی لەخۆگرتبوو کە ئەنتیبایۆتیك و رێجیمی خۆراك خواردنیان پێدرابوو .

– لە 88٪ ی ئەو نەخۆشانە لە ماوەی 2 رۆژدا لە رێگای خوێنهێنەرەوە هەردوو دەرمانی (Cefotaxim=Claforan, Tinidazol=Fasigyn) پێدراوە پاشتر لە دەمەوە بۆ ماوەی 10 رۆژ حەبی (Tarivid=Ofloxacin , Tinidazol=Fasigyn) پێدراوە چاك بوونەتەوە .

– لە 12٪ نەخۆشەکان پێویستیان بە نەشتەرگەری هەبووە ، لەبەرئەوەی لەمانەش نیوەیان تووشی خوێنبەربوون بوون .

– پاش یەك ساڵ لە 15٪ یان جارێکی دی تووشی ریخۆڵەکوێرە بوونەوە .

– ئەوانەی کە نەشتەرگەرییان بۆکرابوو لە 14٪ یان تووشی ئاڵۆزگارییەکانی پاش نەشتەرگەریەکە بوون .

ئەوەی شایانی باسە هەندێك نەشتەرگەری سوێدی مێتودەکەیان لاپەسەندە بە تایبەتی بۆ ئەوەی کاری سەرشانی نەشتەرگەرە ئێشك گرەکانی شەو یان پشوەکان کەم بکرێتەوە ئەوا دەتوانرێت ئەنتیبایۆتیك بەکاربهێنرێت وەلێ نەك وەك چارەسەری سەرەکی ریخۆڵەکوێرە .

هەندێکی دی دەبێژن هێشتا زووە باس لەوە بکرێت کە ئەنتیبایۆتیك لە بری نەشتەرگەری ریخۆڵەکوێرە بەکاربهێنرێت ، بۆ زێدەتر دڵنیابوون پێویستە توێژینەوەی دی ئەنجام بدرێت .

هەندێکی دی لەبەرئەوە لایان پەسەندە چونکە ئەنجامی باشی داوە بەدەستەوە ولەنەشتەرگەری خەرجی کەمتری تێدەچێت .

**سەرچاوە**

1– هەفتەنامەی پزیشکی (Dagens Medicin) سوێدی رۆژی 24 ی ئاوگوستی 2005 .